www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-8-2006 19:11

# تابلۆیەک لەڕەنگی پێش هەڵوەرینی گەڵایەک.. زنجیرە (10) (کۆتایی) ... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram



ئەو چرکانە چەند پێویستیمان بە خۆکوشتن هەبوو
چەند پێویستیمان بە ئارامی هەبوو
نەك هەر لەبەهەشت.. ئەبی ئێمە هەمیش بڵێین
"" واحسرتا... ئێمە چ زیادەیەکین ""

سەیریکە... ئەو ئێوارانەی کە ئێمە چەند چرکەیەك بەر لەخۆکوشتنە کانمان بوو، کە ئێمە نەئێوارە.. نەخەون.. نەئازیز.. نەهاوڕی.. نە باوك.. نەدایك.. نەرێگا.. نەشوێن.. نەوجود.. نەهەناسە.. نەهیچ.. هەر هیچ هیچمان شك نەدەبرد، ئەوکاتانە چەند پێویستیمان بە خۆکوشتن هەبوو، چەند مەجبوربوین لەم دنیای زەواڵە دەربچین... ئەو مردنەی کەوامان دەزانی پڕە لە ئارامی.. ئای ئەو چرکانە چەند پێویستیمان بەچرکەیەك ئارامی هەبوو، تەنها چرکەیەك لە باوەشی ئازیزێکا بەئارامی بژین.. بەئارامی بمرین.. ئەزیزم سەیرکە دوای ئەو هەموو نەهامەتی یەی کە لەدنیادا لەچرکەکانی پێش خۆکوشتندا دەهات بەسەرماندا، دوای ئەو هەموو حەسرەتەی کە لەبەهەشتدا یەخەی دەگرتین، سەیرکە... ئیدی دەزانین کە ئێمە دەبی هەمیشە بڵێین ئەی حەسرەتێك بۆ ئێمە کە کۆتایی نایەت.. ئێمە چزیادەیەکین ئاخر وجودی ئێمە چ مانایەکی هەیە ئێمەیەك کە تاکە بستێك نەبی لەسەری بژین.. دەستێك نەبی بیگرین.. ئێوارەیەك نەبی تیایدا پیاسەیەك بکەین.. ئازیزێك نەبێت لەتەنهایی دەرمان کات.. بونەوەرێك نەبی لەگەڵمانا بژی.. کەس ئامادەی ئەوەی نەبی لەحزەیەك لەگەڵ ئێمەدا هەڵکات.. ئێمەیەك بونمان پڕ پڕە لەنادیاری.. چاومان پڕە لەفرمێسکی نەبینراو.. دڵمان پڕە لەڕازی شار اوە و بوبەسەراب، سەرمان پڕە لەگومانی بەد... گومان.. ئەو گومانەبەدانەی کەلەکۆتایدا ڕاستی دەردەچن سەیرکە.. ئێمەیەك کەئەوە بونمان بێت، ئەوکات دەزانین کەئێمە چ زیادەیەکین.. بونی ئێمە چەند بێ سودە ئێمە چەند قێزەونین.. ئێمەیەك خاوەنی هیچ.. هیچ.. هەرهیچ نین، ئاخر ئێمەیەك دڵنیاین.. ئێوارەیەك نیە.. شەوێك نی یە.. نا.. نا.. قەت ئەم تەنهاییە کۆتایی نایە، هیچ و ئێمە وەك یەك وان، سەیرکە... ئێمە چ زیادەیەکین، زیادەکانیش هەمیشە لەجوانیەکان دەشێوێنن.. زیادەکان هەمیشە ماناکان تێك ئەدەن.. زیادەکان هەمیشە دەبێت نەمێنن، سەیرکە... ئاخر بون و نەبونی ئێمە چی لەدنیا دەگۆڕێت، ئاخر بونی ئێمە مانای چی یە.. ئێمەیەك کەقێز لەخۆمان دەکەینەوە لەم تەنهاییەی خۆماندا، ئێمەیەك کەشەرم دەکەین کاتێك ناوی خۆمان دەڵێین، سەیرکە... ئەم هاوارانەی ئێمە چۆن لە ئارامیەکانی خەڵکی دەشێوێنی.. ناڵەکانی ئێمە چۆن خەڵکی بێزار دەکات.. ئێمەی بەد.. ئێمەی سیخناخ لەخەڵوەتا.. ئێمەی گەمژە.. ئێمەی نامۆ بەم خاك و خۆڵەی وەك بونەوەرێکی غریب بەسەریدا هات و چۆ دەکەین، سەیرکە... ئێمە چەند زیادەین... ئێمە دەبی بەتەنها خۆمان بکوژین و بەتەنها لەبەهەشتا بگەڕێین، ئەوانەشی کەدەمانەویلەحزەیەك لەگەڵماندابن ئەوان هەموجاری ئەم زیادەییەمان بیر دەخەنەوە... بیرتە ئەوکاتە.. بیرتە ئەوڕۆژە... بیرتە ئەونیوەڕۆیە.. ئەوئێوارەیە.. ئەوشەوە.. بیرتەچیم پێوتی.. سەیرکە... بەڵی ئەزیزم ئەمانە هەمووی ئەو دیمەنانەن کە ئێمە تیایدا هەڵدەوەرین، هەڵوەرینێك کە تروسکەیەکی ئومێدی تیا بەدی ناکەین بۆئەوەی جارێکی تر چاك

ببینەوە، سەیرکە هەڵوەراندنەکانی دایکمان چەند سەختترە لە هەڵوەراندنەکانی باوکمان، هەڵوەراندنەکانی خۆمان چەند سەختترە لەهەڵوەراندنەکانی دایکمان، سەیرکە... هەڵوەراندنەکانی تۆ چەند بەڕقترن لەهەڵوەراندنەکانی هەموو دنیا، سەیرکە... کاتێك کەتۆ بیرم دەخەیتەوە کەمن کێم چەند بەشێتانەهەڵم دەوەرێنی، سەیرکە... ئێمە چەند تەنهاین کەسێك نی یە ئاشنای ووشەیەکمان بێت، سەیرکە... چەند تەنهاین لەم هەڵوەرینەدا، کوشتنەکانی خۆمان یەکگرتنێکی تەواوە لەدەستی خۆم و دایکم و باوکم و تۆ بۆ هەڵوەراندن، سەیرکە من چەند گوناهبارم... ئەو گوناهە گەورانەم کرد دەستم لەسنورەکانی خواوەدا... ئەو سنورانەی کەلەڕۆژی ئەزەلەوە جیای کردبۆوە، سەیرکە... من چ تاوانێکی گەورەم کرد، منم گەورەترین گوناهبار... لەدەرگایەکم دا کەدەرگای ئێمەنی یە.. ویستم بچمە ماڵێکەوە لەکاتێکا ئێمە ماڵمان نی یەو کۆچەری ترین کەسین.. سەیرکە... گوناهەکانی من چۆن لەسنور دەرچوون، ئەم هەموو گوناهەچی لێبکەم.. ئەو پێم دەڵی تۆ لە ڕێگاکان لاتداوە.. لە ڕێگایەکەوە دەڕۆیت کە ڕێگای تۆ نی یە.. تۆیەك بۆ ئەوەدروست نەکراویت لەهیچ ڕێگایەکەوەبڕۆیت، ئێستا منی گەورە گوناهبار کە ژێر نینۆکەکانم پڕپڕە لەگوناهی خۆشەویستی.. پڕە لەتاوانە کەبیرەکانی نزیك بونەوە تائەوپەڕی مردن، سەیرکە... من چۆن پەنجەکانم غەرق بوون لەگوناها.. کە ئەو گوناهە گوناهی من نی یە.. من بۆم نی یە سەر لەو گوناهانەوە دەرکەم، سەیرکە... ئێمە چۆن بەگوناهەکانەوە هەڵدەوەرین و گوناهەکانمان لێ هەڵناوەری... ئێمەی بەدترین بونەوەر.. ئێمەی نەوە ڕەسەنەکانی ئادەم، لەم جەنگەڵەدا ئاواتە خوازین ئێوارەیەك لەجەنگەڵەکانا پیاسە بکەین و کەناریەك پێمان بڵی.. ئەری کاکە.. ئەری برادەر.. ئەری هاوڕی.. تۆ بۆ وا دودڵی.. تۆ بۆ چاوەکانت پڕن لە نەهامەتی؟.. ئەی خزم تۆ بۆچی کەدەڕۆیت لە شوێنی هەنگاوە بەجێماوەکانتەوە کانیەك لەگوناە هەڵدەقوڵی؟ ئەری بۆتۆ... بۆ تۆ؟؟؟... بەڵی کەس نی یە تاکە پرسیارێك بکات.. کەس نی یە بەو وشانە بانگمان بکا، سەیرکە... ئێمە چ گیرۆدەیەکی دەستی ئەم جەنگەڵەین کە جەنگەڵی خۆمان نی یە، سەیرکە ئێمە چۆن هەڵدەوەرین، ئەچینە بەهەشت بەم هەموو هەڵوەرینەوە کە بەهەشتی ئێمە نی یە، لە هەر هەشت دەرگاکەوە دەڕۆین و یەکێکیان ڕێگای ئێمە نی یە.. من غوربەت دەمکوژێت.. تەنهایی دەمسڕێتەوە.. من دەمرم کە ئەو مردنە هی من نی یە.. من لەتاو ژانا دەمرم، من بەسەر ژانێکەوە دەڕۆم و ئەبەد ئێوارەیەك لەتەمەنما دروست نابێت کەیەکێك بێت و بڵی.. ئەری برادەر.. ئەری ئەی دۆست.. ئەری هاوڕێ وەرە با ئەم ئێوارەیە پیاسەیەك بکەین بەناو باخچەکانی ڕۆحا تۆزێك سەیری گوڵەکانی موحیبەت بکەین، من بەو ژانەوە دەمرم و یەکی نیە بڵی

ئەری ئەی برادەر...

ئەری هاوڕی...

ئەری ئەزیز...

ئەری ئەی دۆست..

ئەری تۆ کورە تۆ... !!